لیژنەی ئەمنی بۆ زیارەتی ملیۆنی ڕێنمایی بۆ شۆفێران دەردەکات بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی زیارەتکاران



لیژنەی باڵای ئەمنی عێراق، چەند ڕێنماییەکی گرنگی ئاراستەی شۆفێرانی ئۆتۆمبێلانە کرد کە زیارەتکاران دەگوازنەوە و دەڵێت، پێویستە شۆفێری جگڕەوە لە ئۆتۆمبێلەکاندا بوونی هەبێت و هەر شۆفێرێک بە خرایی لێبخوڕێت، بە قورسی سزادەدرێت.

ئەمڕۆ هەینی یەکی ئابی ٢٠٢٥، عەمید میقداد میری، وتەبێژی لیژنەی باڵای ئەمنی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، مۆفرەزەکانی پۆلیسی هاتووچۆ و ڕادارەکان بۆ دیاریکردنی خرایی لە سەرانسەری وڵاتدا بەاوکراونتەوە، بەتایبەتی لەسەر ڕێگا خراکان، بۆیە هەر شۆفێرێک تێژڕەوی بکات، تووندترین ڕەکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

وتیشی داوا لە سەرجەم شۆفێران دەکات بەتایبەتی ئەوانەی کە لەسەر ڕێگاکانی ڕووەو کەربەلا شۆفێری دەکەن، بە تەواوی وریابن و بە هیچ شێوەیەک خرایی زیاد نەکەن بە پاراستنی گیانی زیارەتکاران و هاوڵاتیان.

دەشڵێت، هەر شۆفێرێک کە هەستی بە ماندوێتی و خەواڵووی کرد، با ئۆتۆمبێل لەنەخوڕێت و باشتر وایە شۆفێری جگڕەوە هەبێت لە پاسکاندا، لەپێناو سەلامەتی گشتی.